١٢١٤

دفتر سیاسی
حزب دمکرات کردستان ایران

Political Bureau
Democratic Party of Iranian Kurdistan

دەفتەری سیاسی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هەڤاڵانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:
سلاوی برایەتی و هاوخەباتی.
لە وڵامی نامەی ڕۆژی ٩٦/٧/٢١ی بەڕێزتان پێمان خۆشە ئەم خاڵانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو:
یەکەم: دوا بە دوای کۆبونەوەی ڕۆژی ٩٦/٧/٢٤ی نێوان ئێمە و وەفدی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کە لە بەڕێزان دوکتور فواد مەعصوم، دوکتور کمال فواد، کاک دارۆ شێخ نووری و ماموستا چەتۆحەوێزی پێک هاتبوو، ئێمە ئەو هەنگاوانەی خوارەوەمان هەلێناوە:
الف- ڕێ نوێنیمان بە ڕێکخراوەکانی حیزب داوە کە بە هیچ جۆر لە کوردستانی عێراقەوە ددستە و هێزی چەکدار نەنێرنە کوردستانی ئێران.
ب- بە تێکۆشەرانی نێو خۆی وڵاتمان ڕاگەیاندوە کە بە هیچ شێوەیەک پەلاماری نیزامی نەبەنە سەر بنکە و پێگە و کاروانە نیزامی یەکانی دەولەت و بە کورتی هیچ عەمەلیاتێکی هجومی نەکەن.
ج- تەنانەت داوامان کردوە ئەگەر هەستیان بە پەلاماری دوژمنیش کرد، ئەوەندەی بۆیان بکرێ، خۆی لێ لادەن و لە شوێنی پەلامارەکە دوور کەونەوە، بەلام دلنیاین لێمان قەبوول دەکەن کە وەختێک کەوتنە بەر هێرشی چەکدارانەی دوژمن دەبێ لە حەقی ڕەوای خۆیان کە دیفاع لە خۆیانە، کەلک وەرگرن.
دووهەم:ئێمە چاوەڕوانین لە بریاری بەڕێزتان لە بارەی دوو داخوازی ئێمە کە هەردوکیتان بە "مشروع و معقول" دانا، ئاگادار بین و ئامادەشین ئەگەر ئێوە بە پێ ویست بزانن بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری هەموو خاڵەکان لێرە یان لە لای ئێوە چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە. حەز دەکەین چەندی بکرێ زووتر لە بریاری خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە.
سێیەم: لە هەموو نیشانەکانرا دیارە ڕژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ ئاژاوە گێری یەک ئامادە دەکا و چەندیش ئێمە نیاز پاکی لە خۆمان نیشان بدەین، ئەو بیانووی بۆ دەتاشێ، بۆ وێنە خەبەرمان پێ گەیشتوە کە شەوی ٢٢ لە سەر ١٩٩٦/٧/٢٣ بۆ ماوەی پێنج سەعات بە کاتیوشا و تۆپخانەی قورس و دۆشکا بە کورتی بە چەکی جۆرا و جۆر چەند گوندێکی ناوچەی ڕەبەت و هێندێ گوندی ناوچەی مەهابادی کە لە گەل ڕەبەت هاوسنوورن، داوەتە بەر ئاگری و بە میلیۆن زیانی مالی بە مووچە و مەزرا و ڕەز و باغاتی هاو نیشتمانان گەیەندوە، بێ ئەوەی تاقە پێشمەرگەیەک لە تەواوی ئەم گوندانەدا بووبێ. ئێستا لە دەغەل کاریی ڕژیمی ریاکارانی بە دوور نازانین کە بلاو بکاتەوە لەو بە ناو عەمەلیاتەدا بە دەیان کەس لە " سەربازانی ئیمامی زەمان" کوژراون، بۆ ئەوەی بیکاتە بیانوی ئەو تاوانە درندانەیە کە بە نیازە دژی خەلکی کوردستان "ئێستا لەم دیو سنوور بێ یان لەو دیو؟" بەرێوەی بەرێ.
لەو پێوەندیەدا تکای برایانەمان لە بەڕێزتان ئەوەیە بە وردی ئاگاتان لە وەزعەکە هەبێ و ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئاژاوەیەکی نایەوە، لە گەلی هاودەنگ نەبن و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خەتا بار و بە مایەی "دەست تێوەردانی زیاتر لە کار و باری ناو خۆی هەرێمی کوردستانی ئازادا " دا نەنێن.
لە کۆتایی دا حەز دەکەین جارێکی دیکە لە نیاز پاکی خۆمان و ئامادەییمان بۆ چارەسەری گیر و گرفتەکان دلنیاتان بکەین و هەر لەو پێوەندیەش دا بە ڕاشکاوی دەلێین ئەمانە هەمووی تانیا و تەنیا لە بەر خاتری دۆستایەتی ئێوە و پاراستنی گیان و مالی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئەگینا ئێمە وەک تێکۆشەرانی دێموکرات ڕابردوویەکی دوور و درێژمان لە بەر بەرەکانی لە گەل بەکرێگیراوانی کۆنە پەرەستی هەیە و هەروگیڤی دوژمن هەنگاومان پێ شل ناکا.
وێرای سـلاوی دووبارە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٥/٥/

www. Peshmergekan. com

www.Peshmergakan.com

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانە بەڕێزەکان !
خەڵکی بەشەرەفی کوردستان !
ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهان !

هەروەک چاوەڕوان دەکرا پێشتریش هۆشدارمان دابوو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پیلانی خائینانەی خۆی بۆ لێدانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ئێران و پێ شێل کردنی حورمەتی خاکی وڵاتێکی دراوسێ دەست پێ کرد.

شەوی ٥ لەسەر ٦ی گەلاوێژی ١٣٧٥ ڕێکەوتی ٢٦ لەسەر ٢٧ی ژووئیەی ١٩٩٦ هێزێکی چەند هەزار کەسیی سوپای پاسدارانی ئێران بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس وەک تۆپخانە، کاتیووشا و تانکەوە لە سنووری مەریوانەوە هاتە نێو خاکی کوردستانی عێراق و هەر ئەو شەوە گەیشتە سلێمانی و لە «معسکر السلام» جێ گیر بوو. کەمتر لە ٢٤ سەعات دوای گەیشتنی، بەرەو ناوچەی کۆیە کە بنکەی دەفتەری سیاسیی لێیە وەڕێ کەوت و شەوی ٢٨ی ژووئیە لە زۆر نوختەی ستراتێژیی دەوروبەری کۆیە دامەزرا.

هێزە پەلاماردەرەکان لە سەعات ٥/٦ی بەیانی ئەمڕۆ ٢٨ی ژووئیەوە بە خەستی تۆپ بارانی بنکەکانی حیزب و ئۆردووگای کوردە ئاوارە ئێرانییەکانی دەست پێ کردووە کە تا ئێستا بەردەوامە و لە سەعات ١٠ی ئەم بەیانییەدا پەلاماری زەمینییی دەست پێ کردووە و ئێستا شەڕێکی قورس لە نێوان پاسدارانی کۆنەپەرستیی ئێران و پێشمەرگەکانی حیزب بەردەوامە.

ئێمە لە کاتێک دا ئەو پەلامارە درندانەیە ئاشکرا دەکەین، لە هەموو هاونیشتمانان، لە تێکڕای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و لە گشت کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان داوا دەکەین، بە هەر ڕێگایەک دا بۆیان دەکرێ بۆ ڕاگرتنی هێرشی ڕژیمی ئێران تێ بکۆشن و نەهێڵن ئەو تاوانە دژی ئینسانییەی بەسەر دا تێپەڕێ.

www.Peshmergakan.com

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٥/٥/٧ (١٩٩٦/٧/٢٨)

**هاو نیشتمانانی هێژا!**
**ئازادی خـــوازان!**
**دۆستانی گەلی کورد!**

هەوالی دەست درێژی لەشکریانی ڕژێمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق و هێرشی وەحشییانە و دڕندانە بە تۆپ و کاتیوشا باران، بە هێزی پیادە و هەوایی لە ڕۆژی ۱۹۹٦/۰۷/۲۸ بۆ سەر پەنابەرانی کوردستانی ڕۆژ هەلات و بنکەکەنی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی کۆیە، لە قولایی خاکی باشوری کوردستاندا، ئێمەی هێزەکانی ناو کومیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی لە سوید داخدار و پەشۆکاند. بە پێی هەوالەکان ئەم هێرشە ناجوامێرانە بۆتە هۆی خەسارەتێکی زۆری گیانی و مالی وەک کوژرانی ژمارەیەک ژن و مندال و وێران کردن و سوتاندنی خانوو بەرەیەکی زۆر و خەستەخانەی ئازادی کە بە هیمەتی دوکتورانی بێ سنووری نێو نەتەوەیی دروست کرابوو، هەروەها ئەو هێرشە ناجوانمێرانە بۆتە هۆی ئاوارەبوونی بە هەزاران پەنابەر و دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەر. لە ڕۆژی شەڕەکەوە تا ئێستا زیاتر لە "۲۵۰۰" کەس لەم ئاوارانە کە زۆربەیان ژن و مندالن، پەنایان بردۆتە بەر دەم بارەگای (UN) لە هەولێر. هەرچەند هەوالەکان ڕایانگەیاندوە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە ڕەوالەت پاشەکشەیان کردۆتە بەلام لەم پێوەندیەدا جێگای داخی گران و سەر سورمان بۆ ئێمە هێزەکانی کوردستانی و هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر و بە شەرەف ئەوەیە، کە هاتن و دەست درێژی لەشکریانی ڕژێمی تاران بە ڕێگایەکی بە درێژایی زیاتر لە ۲۰۰ کیلومیتر بە ناو خاکی کوردستانی عێراقدا و هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی **حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاگادای و هاریکاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو ناوچەیەدا بەڕێوە چووە کە ئەم هێزە دەستەلاتی بە دەستەوەیە.**

ئەوەی لای ئێمە و هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر ئاشکرایە کە ڕێگادانی یەکێتی نیشتمانی بە کۆماری ئیسلامی بۆ ناو خاکی کوردستانی باشوور و هێرشی دڕندانە و ئاشکرا بۆ سەر بارەگاکانی "حدکا" لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئەم هێزەدا خەتا و تاوانێکی گەورەی مێژوویی یە کە بە هیچ بیانوو و بەهانەیەک داناپۆشرێ. ئێمە هێزەکانی پەسەند کردنی ئەم بیانیە وێڕای ئەوەی دەست درێژی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق و هێرشی وەحشیانەیان بۆ سەر بنکەکانی "حدکا" بە توندی مەحکوم دەکەین کە لە ڕاستیدا پێ شێل کردن و لە ژێر پێ نانی یاساکانی نێو نەتەوەییە، داوا لە کۆڕو کۆمەلی نێو نەتەوەیی و بیر و ڕای گشتی جیهان دەکەین کە لە گەل مەحکوم کردنی ئەم دەست درێژیە ملھوڕانە، فشار بخەنە سەر ڕژێمی تاران کە چی تر نەتوانێ هێرش بکاتە سەر خاکی کوردستان ئێمە و تیرۆریستەکانی لەم ناوچەیەدا بکشێتەوە. هەروەها داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین چی تر ڕێگا نەدات لەشکریانی کۆماری ئیسلامی هەروا بێ بەرهەلست سەربەستانە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئەواندا بە جینایەتی کورد کوژی خۆیان درێژە بدەن و بە قایمتر کردنی جێگا پێی خۆیان لوبنانێکی دیکە لە ناوچەدا دروست بکەن.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوەدا گومانی نەبێ کە مەبەستی ڕژێمی تاران لە دەست درێژی بۆ ناو خاکی کوردستانی باشوور تەنیا ڕێبەرایەتی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" نییە بەلکو ئاکامی ئەم دەست درێژیە ئاشکرایە دەتوانێ ئاگری دامرکاوی شەڕی نێوخۆ گەرم کاتەوە و زەربە لە دوا ئاسەوارەکانی دەسکەوتەکانی کوردستانی باشوور بدا و ڕێگا بۆ پیلانی لەمێژینەی ڕژێمی ئێران سەبارەت بە کوردستان و داهاتووی عێراق لە بارتر بکات. هەروەها هەتا شەڕی براکوژی هەبێ و کوردستانی باشوور ئاوا لەت کرابێ تەبایی و برایەتی گشتی کورد و هێزە سیاسیەکانی سەقامگیر نابێت و وەزعی شێواوی کوردستانی باشوور لەوە باشتر نابێت و درێژەی ئەم سیاسەت و هەلوێستانە کوردستان و چارە نوسی کورد بەرەو کارەساتێکی گەورەتر دەبات.

**کومیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستان. سوید**      **۱۹۹٦/۰۷/۳۱**

**تێبینی: ئەم بەیانییە جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو هێزەکانی ناو کومیتەی هاوکاری ئیمزایان کردوە.**

www.Peshmergekan.com

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حزب دمکرات کردستان ایران

Democratic Party of Iranian Kurdistan
Parti Démocratique du Kurdistan d'Iran

1945

# بەیاننامەی هاوبەش

دوابەدوای هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات و بنەماڵە ئاوارەکانی کوردی ئێرانی لە دەوروبەری کۆیە لە ڕێکەوتی ٢٧-١٩٩٦/٧/٢٨، هەیئەتی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژەکانی ١-١٩٩٦/٨/٤ کۆبوونەوە بۆ تەنزیم کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە و چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی کە بە هۆی هێرشی ئێران لە نێوانیان دا پێک هاتبوو.

لە ئاکامی ئەو وتووێژانە دا بە تەوافوق گەیشتن کە حیزبی دیمۆکرات بەرنامەی کار و تێکۆشانی خۆی بە چەشنێکی ئەوتۆ دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای کوردستانی عێراق دا گونجاو بێ، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش ڕێڕای تەزمینی تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دیمۆکرات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا ئەمن و ئاسایشی ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە بپارێزێ.

هەروەها هەردوو لا بەڵێنیان دا کە بە کردەوە هەنگاو هەڵگرن بۆ ئەوەی ڕووحی تەفاهوم و هاوسایەتی لە نێوانیان دا بەهێزتر بکەن و ئەگەر هەر گیروگرفتێکیش لە نێوانیان دا هاتە پێش، بە ڕێگای وتووێژی دۆستانە چارەسەر بکرێت.

مەکتەبی سیاسی
یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٩٩٦/٨/٤
١٣٧٥/٥/١٤

www.Peshmergekan.com